# تا گەندەڵی بەردەوام بێ خەڵکی ئەم وڵاتە ئاسودە نابن

دزی کردن دیاردەیەکی ئابوری و دەرونییە بە درێژای مێژوو لەگەڵ مرۆڤدا هاتووە. ئەم دیاردەیە لە هەندێ کاتدا بۆ مرۆڤێک یان چەند مرۆڤێک کە بکەونە حاڵەتی ترسناکیەوە و هیچ بژێویەکیان پێ نەبێ ڕێگایان پێ دراوە کەتەنیا بۆ دەربازبوون لە مردن پەنا بۆ دزی کردنی بچووک ببەن و ژەمێک یان بەپێی پێویستی حاڵەتەکە خواردن پەیدا بکەن و دواتر کەوتنەوە ژیانی ئاسایی خۆیان بچن لەگەڵ خاوەن شتەکە گفتوگۆ بکەن و دڵی یەکتر ڕازی بکەن، بەڵام ئەگەر دزی بوو بە دیاردەیەکی بڵاو لەناو کۆمەڵگە و لە پێناو ئوتومبێلی مۆدێل بەرز و خانوو، کۆچ بەرەو وڵاتانی دیکە بە ڕۆژی ڕووناک و بەبێ ترس ماڵی دەرودراوسێ و پارە و زێر و ئوتومبێلی خەڵک ڕفێنرا و زۆر بێمنەتانەش هەرەشە لە خاوەن ماڵ و دەسەڵات بکەن ئیتر ئەمە لە دزی دەردەچێ و دەبێتە پێشێل کردنی ئاشکرای مافەکانی مرۆڤ. ئەم دیاردەیە ئێستا لە عێراقی دوای بەعس زۆر بە ئاشکرایی دەبینرێ و هەستی پێدەکرێ. ڕۆژانە لە عێراقدا سەدان حاڵەتی لەو شێوەیە ڕوودەدا و کەسیش نییە چارەسەرێکی بنەرەتی بۆ بدۆزێتەوە. هۆکار و ڕەهەندەکانی ئەم دیاردەیە ڕەوشی خراپی ئابووری وولاتەکەیە بە پلەی یەکەم و سەرکەوتن و دەوڵەمەندبوونی بەرپرسان و کۆمەڵێکی دیکەیە بە شێوەیەکی زۆر نارەوا و بەرچاو بەرامبەر دروست بوونی چینێکی بنکە فراوانی خەڵک لە هەژاری و دەست کورتی و بێ دارایی. حکومەت تووشی لەدەستدانی دەسەڵات بووە لە دابین کردنی ئاسایشی وڵاتەکە لە لایەک و لە چارەسەرکردنی کێشەکانی هاوڵاتیاندا وەک (خۆراک،ئاو،کارەبا،سوتەمەنی...هتد ) لەلایەکی دیکەوە عێراق وڵاتێکە لەبان نەوت بیناکراوە خەریکە خەڵکەکەی لەبرسا دەمرێ،خۆراکێک دەدرێ بە هاوڵاتیان کە تەنیا ئەوانەی کەناڵەکانی ئیعلام بە ئاشکرا باسی دەکەن،خەڵکەکەی سەرسام و تووشی دڵە ڕاوکێ کردووە،ئەی دەبێ چەندی شاراوە هەبێ و باس نەکرابێ، بە وتەی ئەوانە بێت زۆربەی خۆراکەکان بەسەرچوون پڕ لە پیسی و شتی نادروستن،چەندەها دەرمانیان بەسەردا ڕژاوە کە ئەگەری دروستکردنی نەخۆشی کۆشندەی وەک (شێرپەنجەی) لێ دەکرێ، ڕۆژانە چەندین بەرنامە و ریپۆرتاژ لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە نیشان دەدرێ و خەڵکی گلەیی لەدەسەڵات دەکەن و هەمووشیان بەبەڵگەوە، کۆمەڵێک گلەییان لە پیس بوونی ژینگە هەیە، شارەوانی خۆی لێ گێل دەکات، کۆمەڵێ گلەیی لە کارەبا هەیەو دەڵێن چارەی نییە، کۆمەڵێک لە پەروەردە، کۆمەڵێک لە نەخۆشخانەکان، کۆمەڵێکی دیکە لە فەرمانگەی ئاویەکان کە بنچینەی ژیانی خەڵکە، کۆمەڵێکی دیکە لە ڕێگا و بان و ...هتد، کەچی دەسەڵات دەڵێی نەبای دیوە نەباران و خۆیان کردووە بە کەڕی شەربەت و هەر خەریکی پارە ژماردنن. خەریکی متابعەی ئابووری جیهانن لە کوێی ئەوروپا و ئەمەریکا و ئوستراليا و چین سەنتەری بازرگانی دروست بکەن، کام دوڕگە خۆشە شوێنێکی لێ بکرن. کام شار گونجاوە کافتریا و بەنزینخانەی لێ دروست بکەن، کە دەسەڵاتیش ئەمە بەرنامە و خەمەکانی بێت بروا ناکرێت لەمە باشتری لێ چاوەڕوان بکرێت. لە هەموو ئەوانە ترسناکتر لەدەست دانی حاڵەتی ئەمنی ناوخۆیە، کە هاوڵاتیانی تەواو بێزار و بێ تاقەت کردووە، بەو هۆیەوە سەدان دز و باندی دز و سواڵکەری خەڵک کوژ لە شارەکان پەیدا بوون دەیان کاری دزێتی و سێکسی نارەوا (اغتصاب) پەیدا بوونە و ڕووشیان لە زیاد بووندایە. ئەگەر بۆ عێراقێکی عەرەبی پڕ لە نەتەوە و مەزهەب و حزبی جیاواز ئەو حاڵەتانە ئاسایی بن بەهۆی دروست بوونی بەرژەوەندی جیاوازەوە، نەدەبوایە بەهیچ شێوەیەک لە کوردستان ئەوانە هەبن، چونکە کورد بە شۆڕش وڵاتەکەی خۆی ڕزگار کردووە نەک کودەتا و کەسیش لەگەڵدا نەبوو هەتا منەتی بەسەردا بکات، هەروەها کورد ئەگەر دەسەڵات خۆی تێکی نەدات یەکگرتووییان زیاترە لە عەرەبەکان، لە ڕووی داراییشەوە دەسەڵاتی کوردی ئەوەندەی (دوو وڵاتی) عەرەبی وەکو (ئوردن،سوریا) پارە و ژێرخانی هەیە، کەچی لەماوەی (١٨)ساڵی ئازادیدا تازەبە تازە دزی و ڕاورووت و گرانی ڕوولە کوردستان دەکات، کەئەمە حاڵەتێکە لە هەموو دنیادا (شازە). ئێران کەلە سەرەتاوە تائێستاش هەرچی دەوڵەتی ڕۆژئاوا و عەرەبی و ئیسلامی سونە و مەسیحی هەبوو دژایەتیان کرد شەری گەورەیان بۆ دروست کرد، کێشەی گەورەیان بۆ دروست کرد، بەڵام چونکە پشتی بە خۆی بەست گرنتی سەرکەوتنی لەگەلەکەی خۆیەوە بەدەست هێنا،هەر چەندە ئەو وڵاتە پڕیەتی لە دەیان کەمینە و مەزهەب و نەتەوەی جیاواز، کەچی تائێستا نەبۆتە بە کێشەیەک بۆ دەسەڵات چونکە ئەو لە دوو ڕووە چارەسەریان کردووە یەکەم هەموو هۆکارەکانی ژیانی ئابووری و ڕۆژانە و ڕۆشنبیری بۆیانی دابین کردووە، دووەمیش جۆرێک لە سیاسەتی خنکاندنی بەکارهێناوە و بە ڕێگەی خۆی چارەسەریانی کردووە. نمونە زۆر لە دنیادا هەیە ئەگەر باسی ڕووەگەشەکانی بکرێت، بەڵام بەداخەوە دەسەڵاتی کوردی سوودێکی ئەوتۆی لێ نەبینیوە. ئەمە کارێکی خراپە و دوڕدونگی و نارەزاییەکی زۆر لە ئەنجامدا لە نێوان دەسەڵات و جەماوەر دروست دەکات ئەگەر (بەدیلی) باش دەستی جەماوەری بکەوێ بەدڵنیاییەوە ئاکامی گۆڕانکاری لێ دەکەوێتەوە. لە هەموو دنیادا حکومەت باوکی میللەتە و چارەسەری کێشەکانی دەکات، کەچی لە کوردستانی ئێمە حکومەت خۆی کێشە بۆ خەڵک دروست دەکا و دەڵێ چارەسەری ناکەم. بۆ نمونە: بەو پارە زۆرە بۆچی (سلفەی عەقار) نادا و چارەی کێشەی نیشتەجێ بوون بکات و بازاریش گوروتینێکی بازرگانی و کار و کاسبی بەخۆیەوە ببینێ؟ بۆچی چارەسەری مووچەی هەزاران کەسی پیر و پەکەوتەی بێ کەس و بێ پارە ناکات؟ بۆچی بازارێکی ئازاد لە شێوەی (ئۆرزدی باک)لە هەموو شارەکان دروست ناکات و لە بچوکترین پێداویستییەوە تا گەورەترینیان لە وڵاتانی دەرەوە بهێنێ و ململانێی (جۆر و نرخ) بکات لەگەڵ بازرگان و کۆمپانیاکان هەتە بازاریش هەم بشکێ هەم خەڵکی گلەیی نەمێنێ؟ بۆ چارەسەری کێشەی گوندکان ناکات کە بنکە و سەرچاوەی داهات و دارایی و خۆراکی وولاتەکەن؟ دەیان و سەدان پرسیاری دیکە هەیە گەر مەبەستیان بێت چارەسەریان زۆر ئاسانە، بەڵام کە مەبەست نەبوو دەستبردن بۆ گیرفان گرانە. ئێستا دونیا زۆر کراوە و واڵا بووە لەبەردەم ڕۆشنبیران و خەمخۆرانی وڵات و هیچ شتێک لە خەڵک ون نابێ. ئەمرۆ خەڵک نەک هەر دەزانێ فڵان چەند پرۆژە و چەند پارەی هەیە، وای لێ هاتووە پارەکانی و زێرەکان بە ژمارەکانی سەریان وعەیارەکانیشی دەزانن ئیتر بۆ خەڵک بە گێل دەزانن. داخەکەم خۆزگە مرۆڤ لە بنەرەتەوە فێری سەرکوت کردن و کوشتن نەبووایە ئەگینا ئێستا (بەدیل) زۆر بوو بۆ گۆڕانکاری و ئاڵوگۆڕی دەسەڵات. خەڵکی ئێستا گلەیی لە داگیرکەران و دوژمنان ناکەن، چونکە دوژمن چی بکات ئەوە دوژمنە و دەیکا بەڵام خەڵکی ئەمرۆ گلەیی لەسەرۆکەکانی خۆی دەکات لەسەر کەم و کورییەکانی ژیانی خۆی. ڕەنگە ئەوانیش وەکو پێویست هەندێ زانیاریان نەگەشتبێتە دەستیان بەتایبەتی لە کادرە ناوەندە حکومیەکاندا، بۆ نمونە کاتێ سەۆک یان وەزیرێک بیەوێ سەردانی شارێک بکات ڕۆژی پێش ئەوە هەموو دامودەزگاکان خۆیان و بینا و کەرەستەی ناو بینا و تەنانەت جادەکانیش دەشۆرن و بۆ خۆشی دەکەن ئەمە چییە؟ وەڵا فڵان دێت، باشە ساڵ دوانزەی مانگ ئەو شارە چڵک و گەندەڵی فەرمانگەکان و جادەکان خەڵکی خنکاندووە بۆچی لەو ڕۆژەدا وادەکەن؟ ئێ کاتێ ئەویش چاوی بەم وەزعە دەکەوێ ئیتر دەڵێ بەراستی خزمەتی شار کراوە. کە دەیبەن بۆ فەرمانگە و شوێنەکانیش دەیبەنە شوێنێ کە بەس شتی باش و جوان و بێ گلەیی و گازندە ببینێ نەک بیبەن بۆ ناو خانووە کۆنەکانی و شەقامە کاولەکان و گەرەکە بێ خزمەت گوزاری و خەڵکە بەش مەینەتەکان. کەواتە لێرەدا دەردەکەوێ هەندێ (فلتەر)ی زۆر وورد لە نێوان جەماوەر و دەسەڵاتدا هەن نایەڵن ئازارەکان ئازارەکان بە تەواوی بکات بەشوێنی خۆی ئەگەر وانەبووایە ئێستا حاڵی چەمچەماڵ، سەنگاو، کەلار، هەڵەبجە و قەرەداغ و ئاغجەلەر،....هتد، وەکو حاڵی هەندێ ناوچە دەبوو کە ماڵ و عەشرەت و کەس و کاری بەرپرسەکانی لێیە، وەکو وتمان خەڵک شتی لێ ون نابێ دەزانێ لەفڵان ناوچە خزمەتگوزاریەکا چۆنە لە شوێنێکی تر چۆنە؟ گریمان ئەو فلتەرانەی وای کردووە کە کەحکومەت لە هەندێ دەڤەر بێ ئاگا بێت، بەڵام دەبێ حکومەت خەڵکی تایبەتی خۆی هەبێ زانیاری تایبەتی پێ بدات بۆ ئەوەی تووشی نایەکسانی خزمەتگوزاری نەبێ، هەروەک چۆن خەڵکی تایبەتی هەیە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر بچوکترین کە خێزانی ئەم وڵاتە لە ڕووی حزبی و سیاسەتەوە دەبوایە شتێکیش لەناو خودی حکومەتدا هەبێ لەو بارەیەوە بەڵام ئەمە یان لە پێناوی خزمەتی خەڵک بێ نەک حزب.

لە کۆتاییدا دەڵێم با لەسەرەوە ئەوەندە بە عەقڵی کۆن و بە عەقڵی گروپ و خێڵ و عەقڵی بەرژەوەندی شەخسی نەڕواننە وڵات و نیشتمانی کورد بە بچووکی خەڵک تەماشا دەکرێ چونکە نە دەسەڵات و نە کورسی هەتا سەر بۆ کەس نابێ ئەگەر کۆمەڵانی خەڵکی دەرفەتیان هەبێ.



نەوزاد حسێن محەمەد

# زیندانی سیاسی و زیندانی قاچاغچی

کاتێ ڕژێمێکی چەوسێنەر دەسەڵاتی سیاسی وڵاتێک دەگرێتە دەست، ئیتر بکوژ و ببڕ هەر خۆی دەبێ و دەست لە بچوکترین و سادەترین برگەکانی ژیانی خەڵکی وەردەدات، بە تایبەتیش ئەگەر ئەو ڕژێمە لەژێر کاریگەری فەلسەفەیەکی شۆڤێنی ڕەگەزپەرستی و نەتەوە پەرستیدا بێت، ئەوا ئیتر بەجارێ دەکەوێتە وێزەی نەتەوەکانی دیکە و بەهێزی سەربازی سەرجەم ماف و ئازادی یە سیاسی یەکانیان لە ژێر پێ دەنێت، لە جیاتی زمانی هۆش و گفتوگۆ لەگەڵ نەتەوە بن دەستەکانیاندا زمانی ئاگر و ئاسن و ئیهانە و زیندانی و کوشتن بەکاردێنن. ئەگەر چاوێک بە پەیوەندی و مامەڵەکانی نێوان کورد و ڕژێمە داگیرکەرەکانی کوردستاندا بخشێنین، دەبینین لەسەر ئەو بنەمایانەی سەرەوە وێناکراون. بۆیە کورد هەمیشە لە خەباتی بەردەوام و نەپساودا بووە بۆ بەدەست هێنانی مافە ڕەواسیاسی و کۆمەڵاتیەتی و ڕۆشنبیری و کلتووری یەکانی خۆی لە چوارچێوەی ئەو یاسا نێودەوڵەتیانەی کە لە پێناوی پاراستنی مافی تاک و گەلدا دانراون.ئەو بەردەوامیەی خەباتی کورد و ئەو سەرکوتکردنەی ڕژێم بەسەدان هەزار قوربانی لێکەوتەوە،لە شەهید و ئەنفال و کەم ئەندام بوون، ئەمە سەرەرای زیندانی کردنی دەیان هەزاری دیکە لە زیندانە تاریکەکانی خۆیدا.

بەعس لەگرتن و زیندانیکردنی تاکی کوردیدا هیچ کاتێ گوێی بە داب و نەریت و یاسا مرۆڤایەتیەکان نەداوە، زۆر جار ڕەشبگیری کردووە و خەڵکی زۆر بێ کێشە و بێ ئینتمای حزبیش لەو زیندانانە توند کردووە.جاری وا هەبوو حکومی زۆر خراپ و درێژ خایەن، یان حکومی ئیعدامیش بەسەریاندا سەپێنراوە بەبێ ئەوەی کە بچووکترین تاوانیشی کردبێ. ئەو زیندانیانە بە هەر شێوەیەکی ئینتما بێت لەسەر بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد حساب کراون و جێگەی خۆشیەتی ڕێزێکی زۆریان لێ بگیرێ و ئەو بەشەی ژیانیان لە زیندان بەسەریان بردووە قەرە بووبکرێتەوە، بەڵام دیارە لە ئەنجامی کۆمەڵێ ڕەفتاری ناشیرن و بەدرەوشت یاخود لەو پێناوی خۆدەوڵەمەندکردنێکی بەپەلەدا خەڵکێکی دیکەش دەخرێتە زیندانەوە کە هیچ پەیوەندیەکیان بە بزوتنەوەی شۆڕشگێری ئەو گەلەوە نییە کە ڕژێم هەوڵی لەناوبردنی دەدات نەک هەر ئەوە بەڵکو کەسی وا زیندانی کراوە لەسەر پارە یان کاری سێکسی کەلە بنەڕەتدا بڕوای بە خەباتی نەتەوەکەی خۆی نەبووە، دژایەتی حکومەتی مەرکەزی و ڕژێمی نەبووە. ئەو حاڵەتانە زۆر بەزەقی لە هەندێ کوردی خۆفرۆش و بەدرەوشت دەبینرا کە ئێستا زۆر بەداخەوە دوایی ڕزگاربوونی عێراق، لە ریزی زیندانییە سیاسییە ڕاستەقینەکان خۆیان ناونووس کردووە و دەیانهەوێ سود لەو بڕیارەی ببینن کە حکومەتی عێراقی بۆ قەرەبووی زیندانە سیاسییەکان دەری کردووە. ئەم تێکەڵ کردن و بێ سەر وبەرییەی کە ئێستا دەیان هەزار خەڵکی خۆی پێوە خەریک کردووە لەشارەکاندا،جگەلەوەی کە کۆمەڵێ خەڵکی خائن و داوێن پیس لێی سودمەند دەبن گورزێکی خراپیش لە سومعەت و پیرۆزی زیندانە سیاسیەکان دەدات، لەلایەک ڕەنگە لە بەر زۆری و بۆری ژمارەکە دەیان کێشە و بەربەست لەبەردەم جێبەجێ کردنی بڕیارەکە دروست بکا و خەڵکێک کە بەراستی شایستەی قەرەبوو کردنەوە بن هیچیان بۆ نەکرێ و خەڵکیش کەتا ئێستاش ئامادەیە چەپلە بۆ بەعس لێیدا خەڵات بکرێ و یارمەتی بدرێ. لەلایەکی دیکەشەوە لەڕووی سیاسییەوە درۆیەکی گەورەی شاخدار لەگەڵ بەرامبەرەکەمان دەکەین کە ڕەنگە ببێتە هۆی ئەوەی لە کۆمەڵێ داواکاری شەرعی و ڕەوای دیکەدا بڕوامان پێ نەکرێ. بۆیە بەندە وەکو ئامادەکاری ئەم چەند دێرە ڕاموایە لیژنەیەک زۆر دڵسۆز بۆ ئەو کارە پێک بهێندرێ و تازەترین ئامێری تۆمارکردنی داتاکانی تیابەکاربێت و پۆلێنی زیندانییەکان بکرێت بەپێی یاسا و تەمەن و جۆری زیندانی و هۆی زیندانی کردنەکەی.....هتد، کە ڕەنگە زۆرێک لەو زانیاریانە پێویستی بە خەڵکی نهێنی بێت بۆ کۆکردنەوەیان و تەنیا پشت بەو شاهید و زانیاریانە نەبەسترێ کەلە دەمی خۆیانەوە وەردەگیرێت چونکە کەسێک ئامادەبێ ویژدان و لەشی خۆی بفرۆشێ ئامادەشە دەیان شاهدی نارەوا بدا و سوێندی درۆش بخوات.

نەورۆز هەمەوەندی

# نموونەیەک بەبۆنەی نەورۆزو هەڵەبجە

بەباشی دەزانم بە بۆنەی نەورۆزو هەڵەبجەوە نموونەیەک بخەمە بەرچاوی خوێنەری بەڕێز :

لەم ڕۆژانەی پێشوودا بەڕێز مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، سەردانی قوتابخانەیەکی نموونەیی کرد و سەرسامیی خۆی پیشاندا بەرامبەر بە ڕێکوپێکیی قوتابخانەکە و جۆری پەروەردە و بەڕێوەبردن و هەر ستایشی دەکردن و سوپاسی دەکرد کە ڕۆڵە و سەرکردەکانی داهاتووی گەلەکەمان لە قوتابخانەی وەکوو ئەمەدا فێردەبن و پەروەردەدەکرێن !!من بە کاک مەسعود دەڵێم: ئەگەر دەیەوی لە ڕاستییەکان تێبگات، با گەشتێک دەستپێبکات لە سەرانسەری کوردستاندا و بەبێ بەرنامەو بە شێوەیەکی کوتوپڕ دەیان قوتابخانە بەسەربکاتەوە، ئیتر ئەوسا دەگاتە ئەو قەناعەتە کە لەزۆر شوێنی کوردستاندا قوتابخانە هەر بوونی نییە و قوتابی لەکەلاوەدا دەرس دەخوێنن، ڕێژەیەکی زۆر لەقوتابخانەکانمان لە شارەکاندا زیاتر لە ٣ دەوامی تێدا دەکرێت و پۆلی واهەیە ٥٠ قوتابی دەرسی تێدا دەخوێنێت و هیچ فێرنابن!!! پێویستییەکانی قوتابخانە لە هۆیەکانی ڕوونکردنەوە، کورسی و شوێنی دانیشتن، ڕاخەر و سۆپا و هۆیەکانی خۆفێنککردنەوە، پێویستییەکانی وەرزش و یاریکردن، بەرنامەی خواردن پێشکەشکردن بەقوتابی، دابینکردنی هۆیەکانی گواستنەوە بۆ ئەو قوتابیانەی دوورن لە قوتابخانەکانیانەوە ......و دەیانیتر هەر بوونیان نییە !! بۆیە پێوستە پسپۆڕانی بواری ڕاگەیاندن و پەروەردە خۆیان بێبەش نەکەن لەم گەشتەی کاک مەسعود و چی ڕاستە ئەوە بگەیەنن ! جگە لەوە ئێمە خاوەنی سیستمێکی پەروەردەی کۆنین کە دەبێ لەبنەڕەتەوە گۆڕانی بەسەردا بێت و هەڵتەکێ بەمەرجێک لەگەڵ واقیعی کوردستاندا بگونجێت و لاسایی هەموو شتێکی ئەوروپا نەکرێتەوە!!. جارێ هیچ نەبێ مامۆستا فێری ئەوە بکرێت بە تێڵایەکەوە خۆی نەکات بە پۆلەکاندا و نەکەوێتە گیانی قوتابی بەستەزمان و بە ئەقڵ و بەرنامە و بیرکردنەوە کاربکات !!

**عارف کەریم- ستۆکهۆڵم**

ئەم نموونەیە لە وتارێک وەرگیراوە کە بەدرەنگەوە بە دەستمان گەیشتبوو، نووسەر دەربارەی کارەساتی هەڵەبجەو یادی جەژنی نەورۆز دەدوێ، بەڵام چونکە ئەو بۆنانە دوور کەوتوونەتەوە بۆیە تەنیا یەک نموونەمان لێوەرگرتووە و بۆ ئێوەی خۆشەویست بڵاوی دەکەینەوە.

ڕۆژی گەل

ڕۆژی گەل

هەفتەنامەیەکی سیاسی، ڕۆشنبیری گشتییە، حزبی ڕزگاریی کوردستان دەری دەکات

ئۆفیسی سلێمانی

گەڕەکی مشیراوا، نزیک گۆڕەپانی هونەر، ژمارەی تەلەفۆن ٠٥٣٢١٠٩٢٥٦

ئۆفیسی هەولێر

شەقامی ئاراس پشت مزگەوتی ئەوقاف ژمارەی خانوو ١٢ ژمارەی تەلەفۆن ٠٦٦٢٥٤٨٥٨٩

ئۆفیسی کەرکوک

حەسیرەکە، بەرانبەر نەخۆشخانەی ڕزگاری، ژمارەی تەلەفۆن ٠٧٧٠١٣٢٥٠٨٠

ئۆفیسی ڕانیە

شەقامی نالی، بەرانبەر گەراجی نەورۆز، کتێبخانەی ڕۆژی گەل ژمارەی تەلەفۆن ٠٧٥٠١١٦٣٨٠٥

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com